WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو وەرزشی

ژمارە (499) سێشەممە 2018/5/22 1ی جۆزەردان - 2718 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


بۆ بردنەوە لە ڕیال مەدرید، خۆی دەکاتە دیێگۆ سیمیۆنی..

## کلۆپ دەیەوێ بە شەڕانگێزی لە ڕیال مەدرید بباتەوە



ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

یۆرگن کلۆپ، ڕاهێنەری ئەڵمانی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی دەیەوێ چاو لە دییێگۆ سیمیۆنیی ڕاهێنەری ئەرجەنتینی یانەی ئاتلێتیکۆ مەدریدی ئیسپانی بکات، بۆ بردنەوەی یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لە ڕیال مەدریدی ئیسپانی.

بۆ کەمکردنەوەی ماندووبوونی یاریزانەکانی و ئامادەکردنیان بە باشترین شێوە بۆ یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ لە 26/5/2018، کلۆپ بەرنامەیەکی تایبەتی داناوە و دەیەوێ لەسەر شێوازی سیمیۆنی یاری لەدژی ڕیال مەدرید بکات و جامەکە بباتەوە شاری لیڤەرپوول.

ئەو سەرچاوانە دەڵێن "کلۆپ یاریزانەکانی ناچار کردووە ڕۆژانە تەنیا دوو ژەم خواردن بخۆن و زۆر بایەخ بە پیادەڕۆیی و مەلەکردن و یاریکردنی گۆلف بدەن". ئەو سەرچاوانە هەروەها دەشڵێن "کلۆپ لە دوایین دوو ڕۆژی گەشتەکەدا یاریزانەکانی ملکەچی مەشقێکی سەربازی توند کردووە بۆ ئەوەی لە رووی جەستەییەوە بە تەواوی بۆ یارییەکە ئامادەبن، هەروەها دەبووایە هەموو شەوێک یاریزانەکانی سەیری ڤیدیۆی چەند یارییەک بکەن. سەرەڕای ئەوەی کلۆپ وتاری حەماسی و هاندانی هەبووەو فێری ئەوەی کردوون چۆن بە متمانە بەخۆبوون و ئازایەتی و جۆرێک لە شەڕانگێزی یاری بەرامبەر پاڵەوانی ئەورووپا لە دوو وەرزی رابردوودا بکەن".

« 3

هەر ساڵێک هاوسەرگیریی شاهانە هەبێت لیڤەرپوول چامپیۆنزلیگ دەباتەوە..

# هاوسەرگیریی شاهانە پەرجووەکە گرانە



« 3

## مێسی دەزانێت کێ نازناوی چامپیۆنزلیگ دەباتەوە

« 6

2

### سعوودی و عومانییەکان میرانیان دەوێ



2

### یاریزانێکی کورد بەشداری لە مۆندیالی باسکەدا دەکات



5

### سێیەکی ئەڵمانەکان کوڕە کوردەکەیان لە مۆندیال ناوێ




هەمیشە دڵشادبە

کورەک ئینتەرنێتی بێسنوور دابیندەکات

KOREK Telecom



**دڵخۆشە**

یەکێتی تۆپی پێی سووریا، ڕایگەیاند ئەیاس عوسمانی یاریزانی یانەی دینامۆ دریسدنی ئەڵمانی، گەیشتووەتە سووریا بۆ پەیوەندیکردن بە ریزەکانی هەڵبژاردەی نیشتیمانیی سووریا، کە بەمدواییە لەلایەن بێرند ستانجی ڕاهێنەری ئەڵمانی هەڵبژاردەی سووریاوە بانگهێشتکراوە. ئەیاس عوسمانی تەمەن 24 ساڵ، کە کوردە و خەڵکی شاری قامشلی ڕۆژئاوای کوردستانەو تەنانەت زمانی عەرەبیش نازانێت، دڵخۆشی خۆی بە چوونە ریزەکانی هەڵبژاردەی سووریا ڕاگەیاند و گوتی «بۆ من شانازییە دریسی هەڵبژارەی سووریا لەبەر بکەم».

خەڵکی هەولێرە و یاری بۆ یانەی کەرخی بەغدا دەکات..

# یاریزانێکی کورد بەشداری لە مۆندیالی باسکەدا دەکات



**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ بەغدا**

محەممەد عەبدولخالق، یاریزانی کوردی شاری هەولێر لە یاری تۆپی باسکە، تاکە یاریزانی باشووری کوردستانە، کە بەشداری لە یارییەکانی پاڵاوتنی جامی جیهانی باسکە دەکات، ئەو بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند "بۆ من شتێکی زۆر تایبەتە کە بەشدارم لە یارییەکانی پاڵاوتنی جامی جیهانی، هەوڵیش دەدەم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم". هەروەها گوتیشی "من خەون و ئاواتی گەورەتریشم هەیە".

محەممەد عەبدولخالق، یاریزانی تۆپی باسکەی یانەی کەرخی شاری بەغدا و هەڵبژاردەی نیشتیمانیی عێراق، بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی لەگەڵ یانەکەی پێشکەشی دەکات، بووەتە ئامانجی چەندین یانەی عێراقی، کە داوای گرێبەستی لێدەکەن، بەڵام وەک خۆی بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت "پێمباشبوو بۆ ساڵێکی دیکەش گرێبەستم لەگەڵ یانەی کەرخ نوێ بکەمەوە، کە بەڕاستی لەگەڵیدا هەست بە دڵخۆشیی دەکەم".

ئەو یاریزانە کوردە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نەبوونی هیچ تیپێکی ڕکابەر لە هەرێمی کوردستان و بایەخ نەدان بە یاری باسکە ئەوی هانداوە بچێتە ناوەڕاستی عێراق بۆ یاریکردن و برەودان بە تواناکانی "بەداخەوە باسکەی کوردستان لەناوچووە، بۆیە ناچارم بۆ یانەیەکی بەتوانای عێراق یاری بکەم". هەروەها گوتیشی "سەرەڕای ئەوەش من زیاتر خۆم ماندوو دەکەم بۆ ئەوەی بتوانین باسکەی کوردستان بگەڕێنینەوە، هیواو ئاواتی من یاری باسکەیە دەمەوێت هاندەران هەمیشە بە باشترین ئاست بمبینن".

بەرهەمی خۆماندووکردن و هەوڵدانی بەردەوامی محەممەد عەبدولخالق بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خۆی، ئەوەیە کە لە لایەن هەڵبژاردەی نیشتیمانیی باسکەی عێراقەوە بانگهێشتکراوە، بۆ ئەوەی بەشداری لە پاڵاوتنەکانی جامی جیهانی باسکەدا بکات، کە یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق لە قەتەر ئەنجام دەدرێن. محەممەد عەبدولخالق، لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت "من وەک کوردێک تاکە یاریزانی باشووری کوردستانم کە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەشداری لە پاڵاوتنەکانی مۆندیالی باسکەدا دەکەم، بۆ من شانازییەکی گەورەیە وەک کوڕە کوردێک بەشداری لەو بۆنە گەورەیەدا دەکەم، هەوڵیش دەدەم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و هاندەرانی باسکە لە کوردستان تووشی بێئومێدی نەکەم".

محەممەد عەبدولخالق، ئەوەشی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکراکرد کە ئەمڕۆ سێشەممە لە بەحرێن بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکی دۆستانەدا دەکەن، کە ماوەی 4 ڕۆژ دەخایەنێ بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ یارییەکانی پاڵاوتنی جامی جیهانی "ئێمە دوو یاریمان هەیە لە 2018/6/29 لەگەڵ کازاخستان و لە 2018/7/2 لەگەڵ قەتەر". ئەو دووپاتیکردەوە "بەشداریکردنم لەم یارییانەدا بۆ من شتێکی تایبەتە، دەستکەوتێکی زۆر گەورەیە بۆ من ئەگەر بتوانین بگەینە کۆتاییەکانی جامی جیهانی باسکە". هەروەها گوتیشی "خەون و ئاواتی من زیاترە، دەمەوێ ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و یانە گەورەکانی دەرەوەی عێراق سەیری ئاستم بکەن و بچمە ریزی یەکێک لە یانە گەورەکان".

> «بەداخەوە باسکەی کوردستان مردووە»

> محەممەد عەبدولخالق:
> خەون و ئاواتی گەورەترم هەیە

بووەتە ئامانج بۆ یانەکانی سعودیە و عومان..

# میران نایەوێ پەلە بکات



**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

میران خەسرۆ، یاریزانی پیشەگەری کوردی یانەی شیمالی قەتەری، تایبەت بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند لە چەندین یانەی وڵاتانی دیکەی عەرەبییەوە گرێبەستم بۆ هاتووە، بەتایبەتی لە خولەکانی عومان و سعوودیە و گوتی «چەند یانەیەکی گەورەی عێراقیش پەیوەندیان پێوە کروومە».

میران خەسرۆ، یاریزانی پیشەگەری کوردی یانەی شیمالی قەتەری، ئەم وەرزە لە خولی عێراقییەوە کە کاپتنی یانەی زاخۆ بوو، پەیوەندی بە خولی پلە یەکی یانەکانی قەتەرەوە کردووە، کە بەپێی گرێبەستێک لەگەڵ یانەی شیمال ڕێکەوتووە، ئێستاش گفتوگۆی بەردەوام لەنێوان میران خەسرۆ و یانە قەتەرییەکە هەیە بۆ ئەوەی گرێبەستەکەی نوێ بکاتەوە. میران بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند جگە لەو یانە قەتەرییە چەند یانەیەکی دیکەی وڵاتانی عەرەبیش لەسەر هێڵن بۆ ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ واژوو بکەن، بەڵام وەک خۆی گوتی «نامەوێ پەلە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆم بکەم». میران خەسرۆ، دووپاتیکردەوە کە ئەو نایەوێ لەو بارەوە پەلە بکات و دەیەوێ بە باشی بیر بکاتەوە «بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆم لەگەڵ تیپەکان نامەوێ پەلە پەل بکەم، دەمەوێت تەواو بیر بکەمەوە، ئەوکات بڕیارێکی چارەنووسساز بدەم بۆ داهاتووی خۆم، چونکە بەرپرسانی یانەی شیمالی قەتەری داوای گفتوگۆیان لێکردووم بۆ ئەوەی لەسەر مانەوەم لە یانەکە قسەم لەگەڵ بکەن». هەرچەندە میران و یانەکەی نزیک بوون لەوەی بگەنە خولی ئەستێرەکانی قەتەر، بەڵام وەک میران بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکرایکرد کە نەگەیشتنیان بەهۆی کێشەیەکی کارگێڕی بووەو گوتی «لە یارییەکی گرنگدا ئێمە سەرکەوتنمان بەدەستهێنا، بەڵام لەبەرئەوەی یارییان بە یاریزانێک کردبوو کە 2 کارتی زەردی هەبوو، بە ئەنجامی 0 ـ 3 گۆڵ بە دۆڕان بۆیان ئەژمارکردین». میران ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە جگە لە یانەی شیمالی قەتەری چەند یانەیەکی دیکەش هەن لە خولەکانی عومان و سعوودییە داوای گرێبەستی لێدەکەن «هێشتا هیچ بڕیارێکم نەداوە، لە 27ی ئەم مانگە لەگەڵ بەرپرسانی یانەی شیمال کۆدەبمەوە، بزانم دەگەینە چ ئەنجامێک». لەبارەی گەڕانەوەشی بۆ یانەی زاخۆ، تیپەکەی پێشووی، میران خەسرۆ گوتی «یانەی زاخۆ بە فەرمی داوای لێکردووم بگەڕێمەوە تیپەکە، بەڵام تاوەکو ئێستا بە فەرمی قسەم لە سەر دیاریکردنی هیچ یانەیەک نەکردووە بۆ ئەوەی یاری بۆ بکەم، یانەی زاخۆش یانەی خۆمە و پێشووتریش یاریم بۆ کردووە، من کە گەڕامەوە سەیری سەرجەم ئەو گرێبەستانە دەکەم کە پێشکەشم کراون، کامەیان بۆ من زیاتر گونجاو بێت و بتوانم خزمەتی زیاتری تێدا بکەم لەگەڵ ئەو یانەیە ڕێک دەکەوم». ئەو گوتیشی «ئامانجی من ئەوەیە بتوانم زیاتر ئاستی خۆم بەرەو پێش ببەم و ئامانجەکەم بپێکم».

> «یانەی شیمالی قەتەری دەیەوێ لەگەڵیدا بمێنمەوە»

بەهرەیەکی میللی..

# درێسی یانەی هەولێر خەونی لاوین کامەرانە



**ئا: شێروان شێرزاد**

لاوین کامەران برایم، بەهرەیەکی نێو یاریگە میللییەکانە، ئاستێکی زۆر بەرز لە یاریگەدا پێشکەش دەکات، لە ساڵی 2001 لە شاری هەولێر لەدایکبووە، ئێستا دانیشتووی شاری کۆیەیە، یاریزانێکی بەتواناو ئاستبەرزو بە ڕەوشتە، لەبەر ئەوەی شێوازی یاریکردنی زۆر لە ئەستێرەی ئەرجەنتینی و یانەی بارسێلۆنا دەچێت، لەلای خەڵک و تەواوی وەرزشدۆتانی شاری کۆیە، بە مێسیەکەی کۆیە ناوبانگی دەرکردووە و هەر بەم ناوەش بانگدەکرێت و دەناسرێتەوە، تەنانەت ئەکاونتەکەیشی لە فیسبووک بەناوی لاوین مێسی داناوە.

لاوین کامەران، هەر لە منداڵییەوە خولیای وەرزش بووەو یەکێک لەو وەرزشوانە دەگمەنانەیە، کە هەرگیز لە وەرزشکردن بەتایبەتی تۆپی پێ ماندوو نابێت، ئەو هەمیشە و بەچەندین شێوە هەوڵیداوە پەرە بە تواناکانی خۆی بدات و زۆربەی کاتەکانیشی بۆ وەرزشکردن تەرخان دەکات.

لاوین، وەک هەر وەرزشوانێکی دیکە سەرەتا لە تیپە میللییەکانەوە دەستی بە یاریکردن کردووەو دواتریش لە ساڵی 2016 لە تازەپێگەیشتوانی کۆیە یاریکردووە لە ژێر سەرپەرشتی مامۆستا ڕێبین، ئێستاش بۆ تیپی میللی زەنگی نوێی شاری کۆیە لەژێر سەرپەرشتی مامۆستا شاکار یاری دەکات و چەندین خەڵاتی تاکەکەسیشی بەدەستهێناوە.

لاوین، زۆر سوپاسی ئەو کەس و لایەنانە دەکات کە پشتگیریان کردووە، بەتایبەتی باوکی ئازیزی کە هەمیشە پاڵپشت و پاڵنەری بووە بۆ پەرەپێدانی بەهرەکانی.

مێسیەکەی کۆیە دەڵێت «لە ژیاندا هیواو ئاواتێکی زۆرم هەیە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە حەزدەکەم ڕۆژێک بێت بتوانم درێسی یانەی هەولێر یان یانەی زێرەڤانی بپۆشم و ئاستی ڕاستەقینەی خۆم پیشان بدەم و هەر لەگەڵ ئەم یانانە ببمە ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە خولی کوردستان».




# هەمیشە دڵشادبە

کورەك **ئینتەرنێتی بێسنوور** دابیندەکات

لەگەڵ کورەك سنوور نییە لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا. ئێستا بەشداربە لە پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کراوە بەپێی ئەم وردەکارییانەی خوارەوە:

- پاکێجی ڕۆژانە: بۆ ماوەی 24 کاتژمێر بەردەستە و نرخی تەنها 2,000 د.ع
- پاکێجی هەفتانە: بۆ ماوەی 7 ڕۆژ بەردەستە و نرخی تەنها 7,000 د.ع
- پاکێجی مانگانە: بۆ ماوەی 30 ڕۆژ بەردەستە و نرخی تەنها 30,000 د.ع

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجی ڕۆژانە ژمارە 1، بۆ پاکێجی هەفتانە ژمارە 2، بۆ پاکێجی مانگانە ژمارە 3 بنێرە بۆ 250 یاخود پەیوەندی بکە بە #250*

411

korektel.com



**بقەیە**

ئیسکۆی یاریزانی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی، لە هەڤپەیڤینێکدا هۆشداری دایە یاریزانە هاوڕێکانی و ڕایگەیاند پێویستە حسابێکی گەورە بۆ یانەی لیڤەرپوول بکەن، کە لە 2018/5/26 لە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگدا ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئیسکۆ گوتی «لیڤەرپوول سەرەتا پاڵێوراو نەبوو بۆ گەیشتنە یاری کۆتایی، بەڵام سەلماندی کە یەکێکە لە بەهێزترین یانەکانی جیهان و بە شایستەیی گەیشتووەتە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ، پێویستە زۆر وریا بین، چونکە تیپێکی مەترسیدارەو هێندەی ڕیال مەدرید چانسی بردنەوەی هەیە».

KOREK Telecom

### بە هێزی هێرشبەرەکانی..

# لیڤەرپوول دەیەوێ پەرجووەکەی ئیستەنبۆل دووبارە بکاتەوە



**ڕووداوی وەرزشی ـ ESPN**

ماڵپەڕی ESPN ئەمریکی، ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە تێیدا، باسی بەهێزی هێرشە تۆقێنەرەکانی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، لە چامپیۆنزلیگ کردووە. 3 یاریزانەکەی پێشەوەی، توانیویانە ژمارەیەکی زۆر گۆڵ تۆمار بکەن و چەندین یاری یەکلایی بکەنەوە، زێدەباری پێشەوایەتیکردنی لیڤەرپوول، بۆ گەیشتن بە یاری کۆتایی کۆنترین پاڵەوانیەتی ئەوروپا.

ماڵپەڕەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت «لیڤەرپوول بەهیوای ئەوەیە پەرجووەکەی ئەستەنبۆڵ دووبارە بکاتەوە، کە هێشتا هاندەرانی لیڤەرپوول پێی دەنازن، دوای ئەوەی تیپەکەیان نازناوی چامپیۆنزلیگی وەرزی 2004 ـ 2005 بەدەستهێنا، دوای یەکسانکردنەوەی ئەنجامەکە، بەرامبەر یانەی میلانی ئیتاڵی و بەدەستهێنانی جامە دوو گوێچکەکە.

ماڵپەڕەکە ئاماژە بە سەرلێشێوانی تیپەکەی یۆرگن کلۆپ و مەینەتییەکانی، لە قۆناخی کۆمەڵەکان لە چامپیۆنزلیگ دەکات، دوای ئەوەی یانەی سێڤییای ئیسپانی، توانی هاوکێشەکان بەسەر لیڤەرپوول سەراوژێر بکات و لەگەڵی یەکسان بێ، هەرچەندە یاریزانەکانی بە ئەنجامی 3 گۆڵی خاوێن لە پاش بوون، کەچی توانیان ئەنجامەکە ڕاست بکەنەوەو تیپەکەیان بگەیننە نیوەی کۆتایی چامپیۆنزلیگ.

ماڵپەڕەکە دەڵێت «هێزی کوشندەی هێرشبردنی لیڤەرپوول، دەست لە ڕیال مەدریدیش ناپارێزێ، لە یاری کۆتاییدا، بە بەڵگەی ئەوەی لیڤەرپوول لەم چامپیۆنزلیگەدا 40 گۆڵی لە 12 یارییدا تۆمارکردووە.

### 3 هێرشبەرەکەی لیڤەرپوول خۆپەرستن

ئەستێرەیەکی پێشووی یانەی تۆتێنهامی ئینگلیزی، هۆشداری ئەوە دەداتە 3 هێرشبەرەکەی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی کە لە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگدا بەرامبەر ڕیال مەدریدی ئیسپانی خۆپەرستانە یاری نەکەن و دەڵێت «لە کۆتایی وەرزدا محەممەد سەلاح، ڕۆبێرتۆ فێرمینۆ و سادیۆ مانێ بەشێوەیەکی خۆپەرستانە یارییان دەکرد».

جیرمان جیناس، دووپاتیکردەوە 3 هێرشبەرەکەی لیڤەرپوول، لە چەند یارییەکی ئەمدواییەی سوورپۆشەکان، خۆپەرستانە هەڵسوکەوتیان دەکرد، بەپێچەوانەی ئەوەی بەدرێژایی وەرز دەیانکردو گوتی «ئەو 3 هێرشبەرە بە درێژایی وەرز لە کاتی هێرشی هەڵگەڕاوەدا، هەرسێکیان هەوڵیان دەدا یەکدی ببیننەوە، ڕاستە سەلاح زۆربەی گۆڵەکانی تۆمارکردووە، بەڵام بەیەکەوە بەشدارییان لە دروستکردنیدا دەکرد، ئەوەش یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنیان بوو لەم وەرزەدا، بەڵام لە کۆتایی وەرزدا پێچەوانەی ئەمەم بینی». ئەو کۆنە یاریزانەی تۆتێنهام دەشڵێت «بۆ نموونە سەلاح بایەخی بە یارییەکەی چێڵسی نەدەدا، شتێکی سەیر بوو». ئەو باسی یارییەکەی لیڤەرپوول لە یاریگەی ئۆلمپیکۆ بەرامبەر ڕۆماش دەکات و ڕۆماش دەکات و دەڵێت «شتێکم بینی بە درێژایی وەرز نەمبینیبوو، ئەویش ئەوەبوو، سەلاح، فێرمینۆ و مانێ یەکەمجار بوو خۆپەرست بن، وا دیاربوو لە هێکرا هەر کەسەو بیەوێ پاس نەداتە ئەوی دیکە، تەنیا بیەوێ بۆ خۆی یاری بکات، تاوەکو ئەو زۆرترین گۆڵ تۆمار بکات و نازناوی گۆڵکاری چامپیۆنزلیگ بەدەستبێنێت».

جیرمان جیناس، هۆشداری دەداتە سێکوچکەکەی لیڤەرپوول و پێیاندەڵێت «بۆ بردنەوە لە ڕیال مەدرید پێویستە واز لەو خۆپەرستییە بێنن».

> «بۆ یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ هۆشداری دەدرێتە سێکوچکەی ریدز»

### ژمارەکانی ڕۆناڵدۆ و سەلاح لەم وەرزەدا

ماڵپەڕی ناوبراو بەراوردێکی لەنێوان ئەستێرەی یەکەمی لیڤەرپوول، محەممەد سەلاح و گۆڵکاری مێژوویی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ کردووە.

### وەرزی ڕۆناڵدۆ لە لیگا

ڕۆناڵدۆ سەرەتای ئەم وەرزەی بە جۆرێک لە پاشەکشەکردن دەستپێکرد، ئەو لە تەواوی قۆناخی یەکەم تەنیا 4 گۆڵی تۆمارکرد. بەڵام ورەی ڕۆناڵدۆ درەوشانەوەی گۆڵ تۆمارکردنی بۆ گێڕایەوە، ئەو گەڕایەوە سەر ئارەزووی هەژاندنی تۆڕەکان، دۆن بەشداریی لە 43 یاریکردووە، بە کۆی 3586 خولەک، توانی 44 گۆڵ تۆمار بکات، لەوانە 26 گۆڵی لە لیگایە، زێدەباری دروستکردنی 8 گۆڵ.

### وەرزی سەلاح لە پرێمەرلیگ

محەممەد سەلاح، لەگەڵ لیڤەرپوول وەرزێکی نایابی پێشکەشکرد، توانی 32 گۆڵ لە 36 یاری پرێمەرلیگ تۆمار بکات، بەمەش خەڵاتی لاپچینی زێڕی وەک گۆڵکاری خولی ئینگلتەرا وەرگرت، ژمارەی پێوانەیی تۆمارکراویشی بەناوی، گۆڵکەری ئینگلیزی ئالان شیرەر، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتوگالی و لویس سوارێزی ئۆرگوایی شکاند، دوای ئەوەی بەربەستی 31 گۆڵی لە یەک وەرز تێپەڕاند. سەلاح خەڵاتی باشترین یاریزانی لە ئینگلتەرا پێدرا، بەهۆی درەوشانەوەی بەرچاوی لەگەڵ لیڤەرپوول.

### ڕۆناڵدۆ لە چامپیۆنزلیگ

وەرزی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە چامپیۆنزلیگ نایاب بوو، بە تۆمارکردنی 15 گۆڵ و پێش یاری کۆتایی سەرووی لیستی گۆڵکارانی پاڵەوانییەتییەکەی گرتووە. دۆن لە 10 یاری بەسەریەکەوەی ئەم وەرزەی چامپیۆنزلیگک گۆڵی تۆمارکرد، تەنیا لە 2 یاری ڕیال مەدرید بەرامبەر بایرن میونشنی ئەڵمانی، لە نیوەی کۆتایی گۆڵی تۆمار نەکردووە. کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، توانی بۆ جاری سێیەم بەسەریەکەوە، بگاتە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ.

### سەلاح لە چامپیۆنزلیگ

محەممەد سەلاح توانیویەتی 11 گۆڵ لەو پاڵەوانییەتییەدا تۆمار بکات، بەمەش بووە یەکەم یاریزان لە مێژووی لیڤەرپوول، لە یەک وەرز چامپیۆنزلیگدا ئەوەندە گۆڵە تۆمار بکات. سەلاح توانی گۆڵ لە تۆڕی هەموو ڕکابەرانی لیڤەرپوول تۆمار بکات، بووە یەکەم یاریزانی عەرەبیش ئەوەندە گۆڵە تۆمار بکات، یەکەم یاریزانی میسریشە بگاتە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ.



### بۆ بردنەوە لە ڕیال مەدرید، خۆی دەکاتە دیێگۆ سیمیۆنی..

# یۆرگن کلۆپ مەشقی سەربازی بە یاریزانەکانی کردووە



**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

یۆرگن کلۆپ، ڕاهێنەری ئەڵمانی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی دەیەوێ چاو لە دیێگۆ سیمیۆنیی ڕاهێنەری ئەرجەنتینی یانەی ئاتلێتیکۆ مەدریدی ئیسپانی بکات، بۆ بردنەوەی یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە ڕیال مەدریدی ئیسپانی.

بۆ کەمکردنەوەی ماندووبوونی یاریزانەکانی و ئامادەکردنیان بە باشترین شێوە بۆ یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ لە 2018/5/26، کلۆپ بەرنامەیەکی تایبەتی داناوەو دەیەوێ لەسەر شێوازی سیمیۆنی یاری لەدژی ڕیال مەدرید بکات و جامەکە بباتەوە شاری لیڤەرپوول.

بەپێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانییەکانی بەریتانیا، کلۆپ دوای بەخشینی دوو ڕۆژ پشوودان بە یاریزانەکانی، لە چوارشەممەی ڕابردوو هەمووانی بردە شاری ماربیا لە باشووری ئیسپانیا بۆ ئەوەی ماوەی 4 ڕۆژ لەوێ بە باشی بحەسێنەوە ئینجا بگەڕێنەوە ئینگلتەرا. بەڵام وەک ئەو سەرچاوانە باسی دەکەن، کلۆپ لەو گەشتەدا سیستمێکی مەشقیی سەربازی تێکەڵ بە کاتەکانی خۆشڕابواردنی بەسەر یاریزانەکانیدا سەپاندبوو، بۆ ئەوەی فشاریان لەسەر نەهێڵێت.

ئەو سەرچاوانە دەڵێن «یاریزانەکان دەبووایە تەنیا بەیانیان و ئێواران خواردن بخۆن، لە نیوەڕۆانیش دەبووایە پیادەڕۆیی و مەلە و گۆلف بکەن». ئەو سەرچاوانە هەروەها دەشڵێن «کلۆپ لە دوایین دوو ڕۆژی گەشتەکەدا یاریزانەکانی ملکەچی مەشقێکی سەربازی توند کردووە بۆ ئەوەی لە ڕووی جەستەییەوە بە تەواوی بۆ یارییەکە ئامادەبن، هەروەها دەبووایە هەموو شەوێک یاریزانەکانی سەیری ڤیدیۆی چەند یارییەک بکەن، سەرەڕای ئەوەی کلۆپ وتاری حەماسی و هاندانی هەبووەو فێری ئەوەی کردوون چۆن بە متمانە بەخۆبوون و ئازایەتی و جۆرێک لە شەڕانگێزی یاری بەرامبەر پاڵەوانی ئەوروپا لە دوو وەرزی ڕابردوودا بکەن».

ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانیانە باس لەوەش دەکەن کە کلۆپ لە ماوەی ئەو گەشتەیدا یاریزانەکانی ناچارکردووە لە ڕێگەی ڤیدیۆوە سەیری یاری کۆتایی یۆرۆپالیگی ئەمساڵ لە نێوان ئاتلێتیکۆ مەدرید و مارسیلیا بکەنەوە، بۆ ئەوەی سوود لە تاکتیکی سیمیۆنی وەربگرن، کە یاریزانەکانی چۆن بەشێوەیەکی ژیرانە مامەڵەیان لەگەڵ یارییەکە کردو لە کۆتاییدا سەرکەوتوو بوون.

> «یاریزانانی لیڤەرپوول ڕۆژانە تەنیا دوو ژەم خواردن دەخۆن»

### بۆ بردنەوەی نازناوی چامپیۆنزلیگ دەیەوێ باوەڕ بە خورافاتیش بکات..

# هاوسەرگیریی شاهانە لیڤەرپوول دەکاتە پاڵەوان



**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، هەوڵدەدات متمانە بوخۆبوونی زیاتر بکات و دەست بە هەموو ئاماژەیەکەوە بگرێت، کە مایەی گەشبینی بردنەوە لە ڕیال مەدرید و بەدەستهێنانی نازناوی چامپیۆنزلیگ بێت، هەتا ئەگەر بە پێشبینی یان قسەی پڕوپووچی پەیوەست بە هاوسەرگیری (شاهانە)، یان مردنی سیمبولێکی گەورەی ئایینیش بێت.

چیرۆکی ئەو پێشبینییە چییە؟ شتەکە پەیوەستە بە بوونی وابەستەیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان هاوسەرگیریی شاهانە لە بەریتانیا و بردنەوەی نازناوی چامپیۆنزلیگ، لەلایەن یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزییەوە، ئەو شتە پێشتر 3 جار دووبارە بووەتەوە، زێدەباری وابەستەیەکی دیکە لە ساڵانی ڕابردوودا، کە پەیوەستە بە مردنی پاپای ڤاتیکانیش.

لە ساڵی 1981 شازادە چارلزی شازادەی ویلز، هاوسەرگیری لەگەڵ شازادە دیانا کرد، لە ئاهەنگێکی شاهانەی گەورەدا، کە هەموو جیهان شادی بۆ گێرا، لە هەمان ساڵدا لیڤەرپوول نازناوی چامپیۆنزلیگی بەدەستهێنا، سەیرییەکەش ئاماژە بەوە دەکات، لیڤەرپوول لە یاری کۆتاییدا هەر لە ڕیال مەدریدی بردەوە.

لە ساڵی 2005 شازادە چارلز دیسان هاوسەرگیری کرد، بەڵام ئەمجارە لەگەڵ خۆشەویستی پێشووی، کامیلا پارکەر بوو، ئەوەش دوای 7 ساڵ لە مردنی شازادە دیانا، بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل بوو، هەر لەو ساڵەدا لیڤەرپوول لە یارییەکی کۆتایی مێژووییدا لە میلانی ئیتاڵی بردەوە لە ئەستەنبۆڵ، دوای ئەوەی دواکەوتنی بە 3 گۆڵی خاوێن لە گێمی یەکەم، قەرەبووی کردەوەو بە لێدانەکانی یەکلاییکەرەوە یارییەکەی بردەوە. ئەوەش دوایینجار بوو، لیڤەرپوول نازناوی چامپیۆنزلیگ بەدەستبێنێت، بەڵام ئەوەی هیوا لە دڵی هاندەرانی لیڤەرپوول زیاتر دەکات ئەوەیە، بەریتانیا ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ئاهەنگێکی هاوسەرگیری شاهانەی ئەنجامدا، کە شازادە هاری کوڕی شازادە چارلز و دیانا، هاوسەرگیری لەگەڵ میگان مارکلی ئەکتەر کرد، دیارتر یەک هەفتە پێش یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ لە کییڤ.

پێشهاتێکی دیکە کە پەیوەستە بە مردنی پاپای ڤاتیکانەوە، لە کاتی مردنی پاپا یۆحەننا پۆلسی یەکەم لە ساڵی 1978، لیڤەرپوول نازناوی چامپیۆنزلیگی بەدەستهێنا، هەمان شت لە کاتی مردنی یۆحەننا پۆلسی دووەمیش لە ساڵی 2005 دووبارە بووەوە. ئایا هەمان پێشهات لە کییڤ دووبارە دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی لیڤەرپوول خاوەن هێڵێکی هێرشبردنی بەهێزە، وەک محەممەد سەلاح، ڕۆبێرتۆ فێرمینۆ و سادیۆ مانێ، یان ڕیال مەدرید ئەو بیرۆکەیە تەفروتونا دەکات، بەتایبەتی لەگەڵ تۆمەتبارکردنی بەوەی بە بەختەو ناوبژیوانەکانی ئەوروپاش پشتی دەگرن؟.

> ”هەر ساڵێک هاوسەرگیریی شاهانە هەبێت لیڤەرپوول چامپیۆنزلیگ دەباتەوە“



**راستە**

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاستکردەوە کە باس لەوە دەکەن گوایە یانەی چێلسی ئینگلیزی پەیوەندی بە ئیسکۆی یاریزانی یانەی ریال مەدریدەوە کردووە، بۆ ئەوەی بچێتە ریزەکانی یانەی لەندەنی. ئەو سەرچاوەیە لەو بارەوە دەڵێت "راستە، چێلسی پەیوەندی بە ئیسکۆوە کردووە بۆ ئەوەی گرێبەستی لەگەڵدا بکات، بەڵام ئیسکۆ ئەو داواکارییەی لەندەنییەکانی ڕەتکردووەتەوە، لەبەرئەوەی چێلسی ناتوانێت بۆ وەرزی داهاتوو بەشداری لە چامپیۆنزلیگدا بکات".


KOREK Telecom


ئێریک کانتۆنا هێرشێکی توند دەکاتە سەر یانەی شاهانە..

# "هیچ شتێک لە ئەژمارکردنی پێناڵتییەک لەدژی ریال زەحمەتتر نییە"



"دانانی هەویری ددان لەنێو بۆریدا ئاسانترە لەوەی لێدانێکی سزا لەدژی ریال مەدرید ببینی"

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

ئێریک کانتۆنا، ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا و مانچێستەر یونایتد، کە ئێستا وەک کۆمینتاری رادیۆ و شرۆڤەکاری تەلەفزیۆنی کاردەکات، هێرشێکی توندی کردە سەر ریال مەدرید و گوتی "هیچ شتێک لە ئەژمارکردنی پێناڵتییەک لەدژی ریال مەدرید زەحمەتتر نییە".

هەرچەندە چەند هەفتەیەک بەسەر کلاسیکۆدا تێپەڕیوە، بەڵام لە هەڤپەیڤینێکدا ئەو پرسیارە لە کانتۆنا کرایەوە، کە رای تۆ سەبارەت بە هەڵوێستی ریال مەدرید چییە، کە لە کلاسیکۆدا ئامادە نەبوو ڕێڕەوی ڕێزگرتن بۆ بارسێلۆنا دروست بکات؟. ئەویش لە وەڵامدا گوتی "ناتوانم باوەڕ بەمە بکەم. ئەوە شەرمەزاری و ڕێزنەگرتنە، بەڵام بۆ ئەوەی راستگۆ بم، من رقم لەو شتە دەبێتەوە". هەروەها گوتیشی "لەوانەیە ڕێڕەوی ڕێزگرتن نموونەیەک بێت بۆ منداڵان، بەڵام پێت وانییە منداڵان لەو کاتەدا دەخەون؟ یاریزانانی بارسێلۆنا زۆر تووڕە دیاربوون، بە راددەیەک سەگی هاریان بردبووە نێو یاریگە، بۆیە لەمەودوا پێویستمان بە ڕێڕەوی شەرەفی نییە".

کانتۆنا لەبارەی مشتومڕ لەسەر ناوبژیوانان لە یارییەکانی ریال مەدرید، لە چامپیۆنزلیگدا گوتی "چەندین شتی ئاڵۆز لە ژیاندا هەیە، وەک دانانی هەویری ددان لەنێو بۆری، بەڵام ئەستەمتر و ئاڵۆزتری ئەو شتانە ئەوەیە، لێدانێکی سزا لەدژی ریال مەدرید ببینی لە چامپیۆنزلیگدا".

لەوانەیە ناچار بێت بۆ یەکەمجار مێسی تووڕە بکات..

# بارسێلۆنا یاری بە ئاگر دەکات!

"بەرپرسانی بارسا حەزدەکەن سوارێز لە یانەکە بڕوات"

**ڕووداوی وەرزشی ـ DAILY STAR**

بەردەوام کارگێڕی بارسێلۆنا، مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ ئەستێرەی ئەرجەنتینی لیۆنێل مێسی کردووە. بەڵام دوورکەوتنەوەی تیپەکە لە سەکۆی نازناوەکانی ئەوروپا، لەوانەیە پاڵ بە کارگێڕی بارساوە بنێت، بڕیارێک بدات، کە لەوانەیە ئەستێرەی یەکەمی تیپەکە تووڕە بکات.

خاوەن قاچە چەپە جادووییەکە، لەلایەن کارگێڕی بارسێلۆناوە، مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە ڕۆڵی مێسی لە سەرکەوتنەکانی تیپەکە و بەردەوامی لەسەر نووسینەوەی لاپەڕەکانی مێژوو باش دەزانێت، وەلێ لەوانەیە پەیوەندی نێوانیان، بەرەو هەڵدێرێکی تازە بڕوات. لەم بارەوە ماڵپەڕی دەیلی ستاری بەریتانی ئاماژەی بەوە کردووە، هەندێ بەرپرسی گەورە لە کارگێڕی بارسێلۆنا، بەنیازن هێرشبەری تیپەکە لویس سوارێز بفرۆشن، ماڵپەڕە بەریتانییەکە دەڵێت "دەستبەرداربوون لە ئەستێرە ئۆرۆگواییەکە، لەوانەیە ببێتە هۆکاری تووڕەبوونی لیۆنێل مێسی، لەبەر ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لە نێوانیاندا هەیە". ماڵپەڕی ناوبراو، بە پشتبەستن بە چەند زانیارییەکی خراوەپاڵ دەزگاکانی راگەیاندنی ئیسپانیا، روونیکردووەتەوە، هەندێ بەرپرسی گەورە لە یانە کەتەلۆنییەکە، پێیانوایە سوارێز، بەشێوەیەکی نەرێنی کاری کردووەتە سەر مێسی، دەشڵێت "تەمەنی سوارێز 31 ساڵانە و لەئەستۆگرتنی بەشێک لە دەرچوونی بارسێلۆنا لە چامپیۆنزلیگ، لەسەر دەستی ڕۆما، لەوانەیە پاڵ بە بارسێلۆناوە بنێت، دەستبەرداری خزمەتەکانی بێت". هەمان سەرچاوە دەڵێت "بەرپرسانی کارگێڕی بارسا، حەزدەکەن سوارێز لە یانەکە بڕوات، ئەوەش لەوانەیە مێسی تووڕە بکات، چونکە لەگەڵ سوارێز پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی بەهێزی هەیە، چ لە سەر یاریگە و چ لە دەرەوەیدا".



لیۆ بڕیاریداوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چیدی بەدواداچوون بۆ سوارێز نەکات..

# مێسی و سوارێز کۆتایی بە هاوڕێیەتییان دێنن

**ڕووداوی وەرزشی ـ DAILY MAIL**

لە کەس شاراوە نییە، پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان دوو ئەستێرەکەی بارسێلۆنا، لیۆنێل مێسی و لویس سوارێزدا هەیە، ئەو دوو یاریزانەی بلاوگرانا، بڕێکی زۆری ساتە جوانەکان، چ لەسەر یاریگە یان لە دەرەوەی، لەنێوان خۆیاندا بەش دەکەن. بەڵام پێدەچێ پتەوی ئەو هاوڕێیەتییە لەنێوان مێسی و سوارێز، لەوانەیە وەک زۆربەی پەیوەندییەکانی دیکە، تووشی گۆڕانکاری زۆر بێت، نەخاسمە بەهۆی ڕکابەری گەورە، کە جیهانی تۆپی پێ بەردەوام بەخۆوەی دەبینێ.

لەم بارەوە، ماڵپەڕی ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی دەڵێت "لیۆنێل مێسی و لویس سوارێز، لە ڕێکلامێکی وێنەگیراو لەژێر ناونیشانی (هەموو شتێک دەگۆڕێ) دەرکەوتوون". ماڵپەڕەکە هەروەها دەڵێت "ڕێکلامەکە کە بۆ کۆمپانیایەکی جیهانی خواردنەوەی وزەبەخشە، ئامانجی دەرخستنی ئەوەیە، چۆن ڕکابەریکردن بەهێزترین پەیوەندی دەخاتە ژێر تاقیکردنەوە". ماڵپەڕی دەیلی مەیل روونیشیدەکاتەوە، سەرەتای ڕێکلامەکە پەیوەندی بەهێزی نێوان مێسی و سوارێز دەردەخا، بەیەکەوە ئاهەنگ بە تۆمارکردنی گۆڵەکان دەگێڕن و لە زۆر شوێندا، لەوانە لە ماڵەکانیان وێنەی سێلفی بەیەکەوە دەگرن. کەچی دواتر شتەکان لە ڕێکلامەکە دەگۆڕێ، هاوڕێیەتی نێوان مێسی و سوارێز، دەبێتە ڕکابەری نێوانیان لە پاڵەوانییەتییەکی تۆپی پێ بەناونیشانی "شێتی تۆپی پێ".

ماڵپەڕەکە دەشڵێت "مێسی لە کاتی ڕێکلامەکە بڕیار دەدات، چیدی بەدواداچوونی سوارێز، لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام نەکات، ئەوەش دەبێتە مانشێتی دەزگاکانی راگەیاندن". بە گوێرەی هەمان سەرچاوە، خاوەنی پێنج باڵۆن دۆر رایدەگەیێنێ، پەیوەندی لەگەڵ سوارێز ئاڵۆز بووە، ئەوەش پاڵ بە ئەستێرە ئۆرۆگواییەکەوە دەنێت ئەو وێنانە فڕێ بدات کە مێسی تێدایە. دەشڵێت "سوارێز لەسەر تووڕەکردنی مێسی بەردەوام دەبێ، لە ڕێگەی فرۆشتنی درێسەکەی لەسەر ماڵپەڕی ئیبای بە تەنیا 2 دۆلار". ڕێکلامەکەش بە کۆمێنتێکی مێسی کۆتایی دێت، کە دەڵێت "من و لویس کەسایەتی ڕکابەریکردنمان هەیە، بەردەوام دەمانەوێ ببەینەوە، بۆیە هاوڕێیەتی بەهێزمان بەلاوە دەنێین، کاتێک ڕکابەری یەکدی دەکەین".

"سوارێز هەموو ئەو وێنانەی فڕێدەدات کە مێسییان تێدایە"





**درۆیە**

کریستیان ئەریکسنی یاریزانی دانیمارکی یانەی تۆتێنهامی ئینگلیزی، هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە باس لەوە دەکەن گوایە ئەو بە نهێنی لە دانوستاندایە لەگەڵ یانەی بارسێلۆنا بۆ ئەوەی لە مێرکاتۆی هاویندا بچێتە ریزەکانی یانە کەتەلۆنییەکە. ئەو لەو بارەوە گوتی "درۆیە، من هیچ ڕێککەوتنێکم لەگەڵ بارسێلۆنا نەکردووە، تەنانەت هیچ پەیوەندی و دانوستانێکیشم لەگەڵ ئەو یانەیە نەبووە، ئەوانە تەنیا درۆ و پڕۆپاگەندەی ڕۆژنامەکانن، من هەر لەگەڵ تۆتێنهام دەمێنمەوە".


KOREK Telecom




ئەو بەرگریکارەی پەرەی بە ڕۆڵی بەرگریکاری چەپ داوە..

# مارسیلۆی سەرشێت!

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

چەند ڕۆژێک پێش ئێستا، مۆمی سی ساڵەی کوژاندەوە، هەمووانی تووشی سەر سوڕمان و پرسیارکردن کرد.. کێ شوێنی ئەو شێتە دەگرێتەوە؟ یان کێ جادوو لە باڵی چەپ بڵاودەکاتەوە، کاتێک ماوەی مارسیلۆ کۆتایی دێت؟ با بە شێوازێکی ڕوونتر بیڵێین، ریال مەدرید بێ ئەو بەرازیلییە چۆن دەبێت؟.

کەس ناکۆک نییە لەسەر ئەوەی، مارسیلۆ یەکێکە لە باشترین یاریزانەکان لە شوێنی خۆیدا. ئەو دەڵێت "جارێکیان لەلایەن هەندێ دۆزەرەوە پەیوەندیم پێوەکراو پێیانگوتم لە ریال مەدریدەوە داواکراوی، پێمگوتن بە پیادە ڕۆیشتن دەچمە مەدرید". چۆن نا؟! ئەوکات تەمەنی 20 ساڵان بوو، بەرگەی ناخۆشی سەفەرکردن و سەرکێشی لە کەنارەکانی ڕیۆدی جانیرۆی گرت، تاوەکو گەیشتە مەدریدی پایتەخت، لەوێ لە تانکی مرۆیی و باشترین بەرگریکاری چەپ لە مێژووی بەرازیل، ڕۆبێرتۆ کارلۆس، فێری ئەلف و بێی بەرگریکاری چەپ بوو.

مارسیلۆ لەوەتەی شوێنێکی لە پێکهاتەی سەرەکی مێرینگێ گرتووە، داهێنانی لە شوێنەکەی خۆی کردووە، هەتا لەبارەوە گوتیان "یەکێک لە دیارترین ئەو یاریزانانەیە، کە پەرەی بە ڕۆڵی بەرگریکاری چەپ داوە، وایلێکردووە ببێتە شوێنێک بۆ داهێنانی ستایلی تایبەت بە خۆی، لە بەهرە، کۆنترۆڵکردنی تۆپ بە شێوەیەکی نایاب، پاسدان، یاریکردن بە یاریزانان و چوونە ژوورەوە، کە بەردەوام بۆ ڕکابەرەکان مەترسیدار بوو".

ئەو ئێستا لە تەمەنی 30 ساڵیدایە، وەک کاپتنەکانی دیکە، یان کادیرەکانی سەقامگیریی لە مەدرید، هاوشێوەی رامۆس، کریستیانۆ، بنزیمە و مۆدریچ، ئەوانەی زۆریان نەماوە، تاوەکو رادەستی فاکتەری تەمەن بن و بوار بۆ نەوەکانی داهاتوو بڕەخسێنن. دەپرسین بەڕێوەبەرەکانی مەدرید، لە کوێ یاریزانێکی وەک مارسیلۆ دەدۆزنەوە، کە چێژ، تەماشاکردن و پێکەنین لە ژووری جلگۆڕێن دروست بکات؟ کە جارێکیان لێیان پرسی، ئەگەر لە مەدرید بڕوات، حەزدەکات درێسی چ تیپێک بپۆشێت؟ گوتی "من لە شەیدایانی خولی ئیتاڵیام، بەتایبەتی خانمە پیرەکە یوڤێنتۆس، بەڵام هێشتا بە ئەمەکی ئەو درێسە سپییەم، لەبەر هیچ هۆکارێکیش ناڕۆم، فێری مانای بەئەمەکی درێسی یانەی شاهانە بووم". هەروەها گوتیشی "زۆر کەس دەڵێن بەرازیلییەکان بەدوای پارە دەکەون، منیش بەرازیلیم و لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی ڕیۆدی جانیرۆ لەدایکبووم، بەڵام هەرگیز بەدوای پارە ناکەوم، ئەوەندەی بەدوای شکۆمەندی کەوتووم لە یانەی سەدەدا".



لەبەر وێنەگرتنی لەگەڵ ئەردۆغان..

# سێیەکی ئەڵمانەکان کوڕە کوردەکەیان لە مانشافت ناوێ

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

هێشتا دیداری مەسعود ئۆزێل و ئیلکای گۆندۆگان، لەگەڵ سەرۆکی تورکیا ئەردۆغان لە لەندەن و گرتنی وێنە لەگەڵی کڕ نەبووەتەوە. گشتپرسییەکی تازە دەریخستووە، زیاتر لە سێیەکی ئەڵمانەکان، پشتیوانی لە دوورخستنەوەیان لە لیستی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا دەکەن.

زیاتر لە یەک لەسەر سێی ئەڵمانەکان 36%، لە میانی گشتپرسییەکەدا، پشتیوانی خۆیان بۆ سڕینەوەی ناوی ئۆزێل و گۆندۆگان، لە لیستی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا دەربڕی، کە مانگی داهاتوو بەشداریی لە یارییەکانی مۆندیالی ڕووسیا دەکات، لەبەرئەوەی وێنەیان لەگەڵ سەرۆکی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان گرتووە.

پەیمانگەی (ئیمنید) بۆ پێوەرەکانی بۆچوون، گشتپرسییەکەی بۆ ڕۆژنامەی دی فیلتی ئەڵمانی ئەنجامداوە، کە 57% بەشداربووان گوتیان، ئەوە شتێکی پێویست نییە.

ئۆزێل و گۆندۆگان، کە دوو یاریزانی ئەڵمانی بەڕەچەڵەک تورکن (ئۆزێل لە بنەڕەتدا کوردە)، درێسی یانەکانیان ئارسیناڵ و مانچێستەر سیتیان کردە دیاری ئەردۆغان، لەو دیدارەی لە هەفتەی ڕابردوو لە لەندەن کرا. بەشێکی زۆری سیاسەتکار و وەرزشوانانی ئەڵمانی، ڕەخنەیان لە بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەیە، لەلایەن پارتەکەی ئەردۆغانەوە گرت، پێیانوایە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی بەکاری دێنێت. هەروەها ڕەزامەندی ئەو دوو یاریزانە، لەسەر چاوکەوتن بە ئەردۆغان، پرسیاری خۆبەندیی هێنایەوە ڕووگە.

بەڕێوەبەری هونەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، یواکیم لۆف، ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو، ئەو دوو یاریزانەی بۆ ریزەکانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بانگکرد. لۆف لە وەڵامی پرسیاری نیازبوونی لە دەرکردنی ئۆزێل و گۆندۆگان لە ریزەکانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیای بەشداربوو لە مۆندیال گوتی "بەدڵنیاییەوە نەخێر، بۆ یەک چرکەش، بیرم لەوە نەکردووەتەوە".

گشتپرسییەکی پێشوو، کە بۆ دەروازەی هەواڵەکان T-ONLINE.DE ئەڵمانی ئامادەکرابوو، ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو دەریخست، ڕێژەی 70%ی ئەڵمانەکان پێیانوایە، دیداری ئەو دوو یاریزانە بە سەرۆکی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان شتێکی (هەرگیز قبوڵکراو نییە)، کەچی 6% گوتیان دیدارەکە (بە تەواوی) یان (تا راددەیەکی زۆر) قبوڵکراوە.

بە 3 دەستەوارە..

# تۆخێل دەیەوێ نەیمار بە مانەوە رازی بکات



"یەکێکیان لە بارسا، یەکێکیش لە ریال و ئەوەی دیکەش لە چێڵسییە"

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

تۆماس تۆخێل، ڕاهێنەری نوێی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی، بەنیازە 3 دەستەوارەی گەورە ئەنجام بدات، تاوەکو ئەستێرەی بەرازیلی نەیمار دا سیلڤا، رازی بکات لە ریزەکانی یانە پاریسییەکە بمێنێتەوە.

ئەو ڕاهێنەرە ئەڵمانییە، دەزانێت بەرپرسیاریەتی سەر شانی چەندە گەورەیە، چونکە ڕووبەڕووی چەندین هەڤرکی ناوخۆیی و دەرەکی دەبێتەوە، کە بە ڕێژەیەکی زۆر سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی تۆخێل، لە ئەرکە تازەکە دیاری دەکات، کەچی ئەستێرەی یەکەمی تیپەکە و گرانترین دەستەوارە لە جیهانی تۆپی پێ، نەیمار دا سیلڤا (222 ملیۆن یۆرۆ)، بە بەرچاوترین هەڤرکی تۆخێل دادەنرێت.

لەو بارەوە ماڵپەڕی دەیلی ستاری بەریتانی، باس لەوە دەکات تۆخێل بەنیازە 3 دەستەوارەی گەورە ئەنجام بدات، تاوەکو ئەستێرە بەرازیلییەکە رازی بکات، وەرزی داهاتوو لە سانجێرمان بمێنێتەوە، ماڵپەڕە بەریتانییەکە دەڵێت "تۆخێل لەسەر پارێزگاریکردن لە نەیمار موکوڕە".

ماڵپەڕی ناوبراو بە پشتبەستن بە زانیارییەک، کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیسپانیا وەریگرتووە، ڕوونیکردووەتەوە، گۆڵپارێزی چێڵسی تیبۆ کۆرتوا، لەوانەیە یەکەم دەستەوارەی تۆخێل بێت، چونکە ئەو ڕاهێنەرە ئەڵمانییە، هەوڵدەدات شوێنی گۆڵپارێزیی بەهێز بکات. ماڵپەڕەکە دەڵێت "بەرگریکاری بارسێلۆنا ساموێل ئۆمتیتی، ئەویش ناوی لە ڕۆژەڤی تۆخێل دایە، لەوانەیە ئۆمتیتی دەستەوارەی دووەمی بێت، کە ڕاهێنەری پاریس سانجێرمان دەیەوێ لە میانییەوە، نەیمار رازی بکات بمێنێتەوە، بەتایبەتی کە ئۆمتیتی ئەم وەرزە، خۆی وەک یەکێک لە باشترین بەرگریکارەکانی تۆپی پێ سەلماند".

هەر بە گوێرەی هەمان سەرچاوە، ڕاداری تۆخێل کەوتووەتە سەر، کاسیمیرۆ، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی ریال مەدرید، کە بە یەکێک لە باشترین یاریزانەکانی جیهان لەو شوێنە دادەنرێت، ماڵپەڕەکە باس لەوەش دەکات، ویستی نەیمار لە هاتنی ژمارەیەکی زۆری یاریزانی بەرازیلی، بۆ پاریس سانجێرمان، لەوانەیە پاڵی پێوە بنێت، لە ریزەکانی تیپەکەی پاریسی پایتەخت بمێنێتەوە.

## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە



**نەیمار دا سیلڤا**
(ئەستێرەی هەڵبژاردەی بەرازیل)
ئێمبابێ باشترین یاریزانی لاوە لە جیهاندا، بە کاسیمیرۆم گوتووە ئاگاداری بە ئەگەر لە مۆندیالدا بەرازیل و فەرەنسا ڕووبەڕووی یەکدی بوونەوە



**سێرجیۆ رامۆس**
(کاپتنی یانەی ریال مەدرید)
لیۆنێل مێسی زەحمەتترین یاریزانە لە ژیانی وەرزشیمدا ڕووبەڕووی بوومەتەوە، هەرچەندە لێی نزیک دەبمەوە لێدانەکانی دڵم خێراتر دەبن



**جیانلویجی بۆفۆن**
(گۆڵپارێزی ئەفسانەیی ئیتاڵیا)
داوای لێبوردن لە ئۆلیڤەری ناوبژیوان دەکەم، من شایەنی سزادانم، ئەگەر دوای دوو ڕۆژ لە ڕووداوەکە بمدیتبایە لە باوەشم دەگرت



**مایکل ئۆین**
(هێرشبەری پێشووی ریال مەدرید)
یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ پڕ دەبێت لە گۆڵ و گاریس بەیڵیش کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئەنجامەکەوە دەبێت



**محەممەد ئەبو تریکە**
(شرۆڤەکاری بی ئێن سپۆرت)
من بینیوە محەممەد سەلاح لە ئۆلۆمپیاددا چی بە مارسیلۆ کردووە و چەند لێیدەترسا، لە یاری ریال مەدرید و ڕۆماشدا بەهەمانشێوە لێیدەترسا



**زەینەدین زیدان**
(ڕاهێنەری یانەی ریال مەدرید)
دوورخستنەوەی بنزیمە لە هەڵبژاردەی فەرەنسا شتێکی نوێ نییە تاوەکو خۆی پێوە سەرقاڵ بکات، ئەو پێویستە بیر لە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ بکاتەوە



**دیان لۆڤرین**
(بەرگریکاری یانەی لیڤەرپووڵ)
ئێمە دەزانین چیدەکەین و چیمان لەسەرە بۆ ئەوەی یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ لە ریال مەدرید ببەینەوە



**ئەندریا پیرلۆ**
(ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا)
لەبەرئەوە وازم لە یاریکردن هێنا، چونکە نەمدەویست هاندەرانم بەسەرسامییەوە سەیری یەکدی بکەن کاتێک دەبینن پاسێکی هەڵە یان لێدانێکی خوار لێدەدەم



**ئەندرێس ئینێستا**
(ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا)
ئەگەر نەیمار حەز بکات بچێتە ریال مەدرید، ئەوە مافی خۆیەتی و پێویست ناکات یاریزانانی بارسێلۆنا بەو هەواڵە شێت ببن



**فابیۆ کاپێلۆ**
(ڕاهێنەری بەناوبانگی ئیتاڵی)
وەرزی داهاتووش یوڤێنتوس نازناوی خولی ئیتاڵیا دەباتەوە، چونکە ئەو جیاوازییەی لەنێوان خۆی و یانەکانی دیکەدا هەیە چەند ساڵێکی دەوێ تاوەکو کەمدەبێتەوە



**ریکاردۆ کاکا**
(ئەستێرەی پێشووی یانەی میلان)
هیوادارم گاتۆسۆ چۆن وەک یاریزان بە ڕوحێکی شەڕانگێزەوە یاری دەکرد لە ڕاهێنەرایەتیش ئەو ڕوحە بەکاربێنێت



**تیاگۆ مۆتا**
(یاریزانی یانەی پاریس سانجێرمان)
نەیمار سەرەتا کە هاتە پاریس سانجێرمان سەرگەردان بوو، بەڵام دواتر هەموو شتێکی پێشکەشی یانەکە کرد



## گرنگ نییە

یۆرگن کلۆپی ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، ڕەتیکردەوە بێزار بووبێت بەهۆی ئەوەی هەموان یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی لەسەر حسابی لیڤەرپوول دەپاڵێون بۆ بردنەوەی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، کە یاری کۆتایی لە 2018/5/26 لە کییڤی پایتەختی ئۆکرانیا بەڕێوەدەچێت. یۆرگن کلۆپ لەو بارەوە گوتی «بەلامەوە هیچ گرنگ نییە کە هەموان دەڵێن ڕیال مەدرید پاڵێوراوە بۆ بردنەوەی نازناوەکە، لە ساڵی 2005یش لیڤەرپوول پاڵێوراو نەبوو، کەچی بە 3 گۆڵی خوێن یاری کۆتایی بردەوە».

## گەورەترین هێرش دەکرێتە سەر کاپتنی ڕیال مەدرید..

# «لەبەرچی ڕامۆس دەمی داناخات؟»



**ڕووداوی وەرزشی ـ Sport**

بەهۆی ئەوەی لەدوای یاری کلاسیکۆی ڕابردوودا ڕەخنەی لە ڕەفتاری یاریزانانی بارسیلۆنا گرتووە، بەتایبەتیش لیۆنێل مێسی و لویس سوارێز، ڕاگەیاندنکارێکی کەتەلۆنی توندترین هێرش دەکاتە سەر سێرجیۆ ڕامۆسی کاپتنی ڕیال مەدرید و بە خراپترین شێوە قسەی پێدەڵێت.

لویس ماسکارۆ، لە وتارێکدا کە لەبارەی ڕامۆسەوە نووسیویەتی «سێرجیۆ ڕامۆس، خاوەن شەرەفێکی نەویستە، ئەو توندوتیژترین و بێ ڕەفتارترین یاریزانە لەدژی گیانی وەرزشی، لە خولی ئیسپانیا، ئەو خاوەن ژمارەی پێوانەییە لە لێدانی ڕکابەران و مامۆستایە لە یاری پیسدا. ئەوەش بۆچوونێکی خۆڕایی بێ پاساو، یان کەسێکی دژ بەو نییە، بەڵکو ڕاستییە و ژمارە و ئامارە بە سۆییەکان بەرجەستەی دەکەن».

هەروەها لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا ماسکارۆ نووسیویەتی «ڕامۆس لە وەرگرتنی کارتی سوور پێشەنگە (19 کارتی سوور)، لەگەڵ (167 کارتی زەرد). ئەو یاریزانەی لە هەموو یاریزانەکانی دیکە زیاتر دەرکراوە، شایستەی ئەوە نییە، ببێتە نموونە و پێشەوا، بۆیە ئەو یاریزانێکی گونجاو نییە، بۆ دانەوەی وانە لەبارەی یاری خاوێن، وەک چۆن هەوڵیدا سەبارەت بە لویس سوارێز و لیۆنێل مێسی، دوای یاری کلاسیکۆی دڕدۆنگ لە کامپ نو بیکات». کاپتنەکەی ڕیال مەدرید، کە لە چوونە سەری توند و تیژ شارەزایە، ڕەخنەی لە هێرشبەرەکانی بارسیلۆنا، مێسی و سوارێز گرت، بەهۆی هەڵسوکەوتیان لە کلاسیکۆ، لە ڕاڕەوی گەیشتن بە ژووری جلگۆڕیندا، بەوە تۆمەتباری کردن، هەڵسوکەوتی بێ ڕەوشتیان ئەنجامداوە، واتە خەوش لە کەسانی دیکە دەبینێتەوە، کە لە بنەڕەتەوە لە خۆی دایە.

بۆیە ماسکارۆ نووسیویەتی «ناویژیوانان بەردەوام چاو لە ڕامۆس دەپۆشن، ئەگەرنا ژمارەی کارتە سوورەکانی زۆر لە هی ئێستا زیاتر دەبوو، دەبێت گاڵتە بەخۆی نەکات و پەند لە ئەندریس ئینییێستا (کاپتنی بارسیلۆنا) وەرگرێت، چونکە یاریزانێک بەو جۆرە تۆمارە خراپ و ناڵەبارەی هەیەتی، هەوڵدەدات خراپە و سەرکۆنەی ژیریمان بکات، کاتێک ڕەخنە لە گیانی وەرزشی یاریزانێکی وەک مێسی دەگرێت، کە زۆربەی کاتەکان بە ڕەفتار باشی ناسراوە».

> «ڕامۆس مامۆستایە لە یاری پیسدا»

هەروەها نووسیویەتی «ڕیال مەدرید بەردەوام داکۆکی لە ڕامۆس کردووە، چونکە لە زۆر یاری سوودی لە توندوتیژییەکەی وەرگرتووە، بەتایبەتی بەرامبەر بارسیلۆنا و دیارتریش بەرامبەر مێسی، بۆیە هەرسکردن یان قبوڵکردنی هەوڵی شێواندنی وێنەی بارسا ئەستەمە».

## نەیمار بۆ ڕیال مەدرید..

# خەیاڵە یان ڕاستی؟

## «خلێفی هەڕەشە لە نەیمار و باوکی دەکات»

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

لە ڕووی ئابوورییەوە، گەورەترین زەبرە لە مێژووی تۆپ پێدا، پاشخانی نەیمار و ستایلەکەی، لەگەڵ جەماوەریەتی زێڕینی ڕیال مەدرید، وا لە کۆمپانیاکانی سپۆنسەریی دەکات لیکیان بێتە خوارەوە، ڕێکلامکردن و وەبەرهێنانی وەرزشیش، زێڕ بەسەر هەدوولا دەبارێنێت.

### لە ڕووی وەرزشییەوە

لە ڕووی وەرزشییەوە، جادووگەرەکەی سامبا، جادووی خۆی لە برنابیۆ بڵاودەکاتەوە، وەک نەریتی باوی، بەڵام ئەمجارە لە خاوەنانی شانشین دەبێت، نەوەک میوانی شەرەفی، گێڕانەوەی 3 ـ 3 ـ 4 بەهێز لە هێرشی هەڵگەڕاوەو خێراییەکەی، بەدڵنیاییەوە جیاوازی دروست دەکات، بەڵام نەیمار لای چەپ بە تەواوی داگیر دەکات، وەک چۆن لەگەڵ ئەلبا و ئینییێستا وایدەکرد، بۆیە بەخشینی مارسیلۆ کەم دەبێتەوە، ئیسکۆش سەربەست نابێت، لەوانەیە کرووس لەگەڵی باشترین دەبێت، بەڵام پێویستی بە ڕووماڵکردنی گەورە دەبێت، پابەندکردنیشی بە ڕۆڵی بەگریکردن، لەبەر تەمبەڵی نەیمار لە فشار و بەرگریکردندا.

ڕیال مەدرید بە نزیکەی هەمان پێکهاتە، بۆ جاری سێیەم بەسەریەکەوە، دەگاتە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ، مانای وایە هێزی لە سەقامگیرییەکەی دایە، هاتنی نەیمار زەوی لەرزین لە ژووری جلگۆڕین دروست دەکات، ناخی یاریزانان دەهەژێنێت و ئەنجامەکانی ئەو هەژانەش دیار نییە. بەڵام لەو گۆڕەدا، قسەکان تەواو شتێکی دیکەن، لەم بارەوە 3 لێدوانی گرنگتان بیر دەخەینەوە. دوای یارییەکی سەرەتای ساڵ، ڕۆژنامەنووسێک پرسیاری لێکرد «ڕاستە دەچیتە ڕیال مەدرید؟» وەڵامی نەیمار زۆر خێرابوو «داوەشێن! ئایا هیچ بابەتێکی تازەتان نییە؟». لێدوانی دووەم هی ناسر خلێفییە، لە یارییەکی خولی قەتەردا، کاتێک یەکێک لە هاندەران لێی پرسی «ئایا نەیمار دەچێتە ڕیال مەدرید؟». خلێفی لە وەڵامدا گوتی «نەیمار لەگەڵ ئێمە دەمینێتەوە». هاندەرەکە دووپاتیکردەوە هیچ هیوایەک نییە؟. خلێفی گوتی «یەک تۆزە هیواش نییە».

### ئەرکەکە زەحمەتە

لەبەرئەوەی لە خولی فەرەنسا، ڕێگە بە شکاندنی مەرجی سزایی نادرێت، دەبێت ڕیال مەدرید دانوستان لەگەڵ پاریس بکات، ئەوانەی لەسەر ڤیراتی ئەشکەنجەی بارسیلۆنایان دا، هەرچەندە ویستی خۆیشی بۆ ڕۆیشتن ڕاگەیاندبوو، پاشان ئەو زیانە داراییانەی کردی، لە ڕێگەی یاریزانی بەرازیلی نەیمار (222 ملیۆن یۆرۆ بۆ بارسیلۆنا، 40 ملیۆن وەک بەخشیش بۆ باوکی نەیمار، کۆمەڵێک هوتێل و دورگەیەکی بچووک وەک دیاری و 36 ملیۆنیش مووچەی سافی بێ باج). واتە دەستەوارەکە زیاتر لە نیو ملیاری تێچووە. هەرچی بەهای پشکەمانی پاریسە، جارانی سفر دەکرێت، هەموو ئەستێرەکانی داوای ڕۆیشتن دەکەن، لە تیپێکەوە کە باشترین یاریزانی جیهانی لە بارسیلۆنا برد، لە دەستەوارەی ئیمبیاپێش لە ڕیال مەدریدی بردەوەو توانی پارێزگاریی لە ئەستێرەکانی بکات، دەبێتە تەنیا ڕێگەیەک بۆ ڕەتبوون لە بارسیلۆناوە بۆ ڕیال مەدرید، یان بە پێچەوانەوە (وەک دەستەوارەی دی ماریا، کە خەریکبوو سەر بگرێت)، بەمەش پاریس پێش دارمانی ئابووری، تووشی دارمانی وەرزشی دێت.



### لێدوانی سێیەم و هەرە گرنگەکە

هەرچی گرنگترین لێدوانە، لێدوانی بەریکاری نەیمارە، کە باوکیەتی، ئەوکاتەی لە بەرازیل بوو و لەبارەی ڕاستی ڕۆیشتنی کوڕەکەی پرسیاریان لێیکرد؟ گوتی «نەیمار چووەتە پاریس سانجێرمان، بۆ ئەوەی مێژوو دروست بکات، نەوەک بڕوات». هەموومان پەیوەندی نەیمار و باوکی دەزانین، چەند ڕۆژێک پێش ڕۆیشتنی لە بارسیلۆنا، وێنەیەکی خۆی و باوکی لە ئینستاگرام بڵاوکردەوەو لەسەری نووسیبوو «سوپاس بۆ ئەوەی باوکمی، تۆ لەگەڵم بووی کە هیچ نەبووم، کە بوومە ئەو کەسەی ئێستاش، ڕێگە بە کەس نادەم خراپەت بەرامبەر بکات». وێنەیەکی دیکەی تاتۆیەکی سەر دەستیشی دانا، کە لەسەری نوسرابوو «ماڵبات»، وەک هێمایەکی لەوەی هەموو بڕیارەکانی، پەیوەستە بە باوکییەوە، ئەو شتەش کە زیاتر بەلای باوکییەوە گرنگە پارەیە، بە دڵنیاییەوە لای خلێفی زیاتر لە پێڕێز دەستی دەکەوێت. کەواتە هەرچی ئەو شتانەیە کە لە ڕۆژنامەکان دەیخوێننەوە، ڕێگەیەکە بۆ فرۆشتن و هیچ ڕوویەکی ڕاستی نییە.

> نەیمار: لە کەس قبوڵ ناکەم باسی باوکم بکات

### هەڕەشەی سڕکردنی لێدەکرێت

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی پاریسی باس لەوە دەکات، کە خلێفی ئامادە نییە بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بە نەیمار بدات لە یانەکەی بڕوات، تەنانەت ئەو سەرچاوەیە دەڵێت «خلێفی هەڕەشەی لە نەیمار و باوکی کردووەو ڕاشکاوانە پێیگوتوون «ئەگەر نەیمار سوور بێت لەسەر ویستی خۆی بۆ ڕۆیشتن لە پاریس سانجێرمان، بەتەواوی سڕی دەکەم، بەشێوەیەک کە هەر لە یانەکە دەهێڵمەوەو ڕێگەشی پێنادەم یاری بکات». بێگومان خلێفی دەتوانێت ئەوە بکات، چونکە لە دەستەوارەکەی نەیماردا مەرجی هەڵوەشاندنەوە نییەو بۆ ڕۆیشتن پێویستی بە ڕەزامەندی خلێفی هەیە.



## مێسی دەزانێت کێ دەبێتە پاڵەوانی چامپیۆنزلیگ

**ڕووداوی وەرزشی ـ Sport**

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی، ئاشکرایکرد لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی کەتەلۆنی بە هاوڕێکانی گوتووە «من دەزانم کێ نازناوی چامپیۆنزلیگ دەباتەوە». بەپێی ئەو سەرچاوەیە، مێسی بە هاوڕێکانی گوتووە «ڕیال مەدرید لە لیڤەرپوول دەباتەوە تەنانەت ئەگەر ئاستێکی خراپتر لە لیڤەرپوولیش پێشکەش بکات». وەک ئەو سەرچاوەیە باسی دەکات، مێسی گوتوویەتی «ڕیال مەدرید لە چامپیۆنزلیگدا شتێکی هەیە کە ئێمە لە بارسیلۆنا نیمانە، ئەوان یارییەکان دەبەنەوە تەنانەت ئەگەر خراپیش یاری بکەن، بەڵام بارسیلۆنا وانییە، ئەو کاتێ خراپ یاری بکات دەدۆڕێت». هەروەها گوتوویەتی «بارسیلۆنا بۆ ئەوەی هەر یارییەک بباتەوە پێویستە ئاستێکی زۆر بەرزتر لە تیپی بەرامبەر پێشکەش بکات، ڕێک بەپێچەوانەی ڕیال مەدرید».




KOREK Telecom

تەنها بۆ تۆ
ئۆفەری نایابی کۆرەك

مەهێڵە هیچ نامەیەکی (کۆرەك)ت لەدەستبچێ...
بەردەوام نامەی وەرگیراوت بخوێنەوە بۆ ئەوەی
سوودمەندبیت لە ئۆفەری ناوازە.
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە #234*

korektel.com
411

KOREK Telecom



## پڕسەروەری

لەدوای نزیکەی 22 ساڵ لە خزمەتکردنی جەمسەرە سوورەکەی لەندەن، کەشتییەکەی ڤینگەر لەنگەری گرت و گەیشتە کەنار، ئارسیناڵ و ئارسێن جیابوونەوە، بەڵام ڤینگەر مێژوویەکی پڕسەروەری لەدوای خۆیدا جێهێشت. لە ماوەی 21 ساڵ و 7 مانگ و 15 ڕۆژدا، ڤینگەر 10 نازناوی بۆ ئارسیناڵ بەدەستهێنا. ڤینگەر لە پریمەرلیگدا 827 یاری ئەنجامداوە، 475 بردنەوەی هەیە، 152 دۆڕان و 199 یەکسانبوونیشی هەبووە. ڤینگەر لە ژیانی وەرزشیی خۆیدا 1236 یاریی ڕاهێنەرایەتی ئارسیناڵی کردووە، 708 سەرکەوتنی هەبووە، 280 یەکسانبوون و 284 شکستی تووش بووە.



## خولی ئیتاڵیا
(ریزبەندی کۆتایی)

SERIE A

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ یوڤێنتوس | 95 |
| 2 ـ ناپۆلی | 91 |
| 3 ـ ڕۆما | 77 |
| 4 ـ ئینتەرمیلان | 72 |
| 5 ـ لازیۆ | 72 |
| 6 ـ میلان | 64 |
| 7 ـ ئاتالانتا | 60 |
| 8 ـ فیۆرێنتینا | 57 |
| 9 ـ تۆرینۆ | 54 |
| 10 ـ سامپدۆریا | 54 |
| 11 ـ ساسۆلۆ | 43 |
| 12 ـ جێنەوا | 41 |
| 13 ـ ئۆدینێزی | 40 |
| 14 ـ کییڤۆ | 40 |
| 15 ـ بۆلۆنیا | 39 |
| 16 ـ کالیاری | 39 |
| 17 ـ سپال | 38 |
| 18 ـ کرۆتۆنی | 35 |
| 19 ـ ڤێرۆنا | 25 |
| 20 ـ بێنڤێنتۆ | 21 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 29 |
| 2 ـ ئیمۆبیلی | لازیۆ | 29 |
| 3 ـ دیبالا | یوڤێنتوس | 22 |
| 4 ـ کوالیارێلا | سامپادۆریا | 19 |
| 5 ـ مێرتینز | ناپۆلی | 18 |

* یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم ڕاستەوخۆ گەیشتنە چامپیۆنزلیگ. پێنجەم و شەشەم ڕاستەوخۆ گەیشتنە یۆرۆپالیگ. حەفتەم بەشداری لە پاڵاوتنەکانی یۆرۆپالیگدا دەکات. هەژدەم و نۆزدەم و بیستەم دابەزین بۆ خولی یانە پلە دووەکانی ئیتاڵیا.

## خولی ئیسپانیا
(ریزبەندی کۆتایی)

LFP

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بارسیلۆنا | 93 |
| 2 ـ ئاتلێتیکۆ مەدرید | 79 |
| 3 ـ ریال مەدرید | 76 |
| 4 ـ ڤالێنسیا | 73 |
| 5 ـ ڤیاڕیال | 61 |
| 6 ـ ریال بێتیس | 60 |
| 7 ـ سیڤییا | 58 |
| 8 ـ خیتافی | 55 |
| 9 ـ ئیبار | 51 |
| 10 ـ خیرۆنا | 51 |
| 11 ـ ریال سۆسیداد | 49 |
| 12 ـ سێلتاڤیگۆ | 49 |
| 13 ـ ئیسپانیۆل | 49 |
| 14 ـ ئالاڤێس | 47 |
| 15 ـ لێڤانتی | 46 |
| 16 ـ ئاتلێتیک بلباو | 43 |
| 17 ـ لێگانێس | 43 |
| 18 ـ دیپۆرتیڤۆ لاکۆرۆنیا | 29 |
| 19 ـ لاس پالماس | 22 |
| 20 ـ مالاگا | 20 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ مێسی | بارسیلۆنا | 34 |
| 2 ـ ڕۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 26 |
| 3 ـ سوارێز | بارسیلۆنا | 25 |
| 4 ـ ئاسپاس | سێلتاڤیگۆ | 22 |
| 5 ـ ستوانی | خیرۆنا | 21 |

* یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم ڕاستەوخۆ گەیشتنە چامپیۆنزلیگ. پێنجەم و شەشەم ڕاستەوخۆ گەیشتنە یۆرۆپالیگ. حەفتەم بەشداری لە پاڵاوتنەکانی یۆرۆپالیگدا دەکات. هەژدەم و نۆزدەم و بیستەم دابەزین بۆ خولی یانە پلە دووەکانی ئیسپانیا.

## خولی فەرەنسا
(ریزبەندی کۆتایی)

LIGUE 1

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ پاریس سانجێرمان | 93 |
| 2 ـ مۆناکۆ | 80 |
| 3 ـ لیۆن | 78 |
| 4 ـ مارسیلیا | 77 |
| 5 ـ ڕێن | 58 |
| 6 ـ بۆردۆ | 55 |
| 7 ـ سانت ئیتیان | 55 |
| 8 ـ نیس | 54 |
| 9 ـ نانت | 52 |
| 10 ـ مۆنپیلیێ | 51 |
| 11 ـ گوینگامپ | 47 |
| 12 ـ دیژۆن | 47 |
| 13 ـ ئامیان | 45 |
| 14 ـ ئانژی | 41 |
| 15 ـ ستراسبۆرگ | 38 |
| 16 ـ کان | 38 |
| 17 ـ لیل | 38 |
| 18 ـ تولوز | 37 |
| 19 ـ تروا | 32 |
| 20 ـ میتز | 26 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 28 |
| 2 ـ تۆڤین | تولوز | 23 |
| 3 ـ نەیمار | پاریس سانجێرمان | 20 |
| 4 ـ فالکاو | مۆناکۆ | 18 |
| 5 ـ فەقیر | لیۆن | 18 |

* یەکەم و دووەم ڕاستەوخۆ گەیشتنە چامپیۆنزلیگ. سێیەم لە پاڵاوتنەکانی چامپیۆنزلیگدا دەکات. چوارەم ڕاستەوخۆ گەیشتە یۆرۆپالیگ. شەشەم بەشداری لە پاڵاوتنەکانی یۆرۆپالیگدا دەکات. نۆزدەم و بیستەم دابەزین بۆ خولی یانە پلە دووەکانی فەرەنسا و هەژدەمیش یارییەکی یەکلاییکەرەوە دەکات بۆ مانەوە لە لیگ وەندا.

# (ئەفسانەکانی لە فرمێسک) ماڵئاواییان کرد

**سەفین تەها**

وەرزەکان دەڕۆن و لەگەڵ خۆیاندا غەدرێکی گەورە لە بینەر و ئاشقانی تۆپی پێ دەکەن، هەمووان دەزانن تۆپ وەک کورسی دەسەڵات وایە، باری بۆ کەس نییە، چەند گەورە بیت و لە لوتکەدا بیت، ڕۆژێک دەبێت وازبهێنیت و بڕۆیت، جا لەدوای خۆت هەرچی باشەیە بەخراپەکانیشەوە جێیدەهێڵیت.

لەم هاوینەدا کۆمەڵێک یاریزان لەگەڵ کۆتاییهاتنی خولەکاندا یانەکانیان جێدەهێڵن، هەیە چەندین ساڵە خزمەت بە درێسی یانەیەک دەکات، هەشە دەبێت شوێنەکەی بۆ ئەوانەی دوای خۆی چۆڵ بکات.

## جیانلویجی بوفۆن.. ئەو ئەفسانەیەی بە ڕێککەوت بووە گۆڵپارێز

لە بوفۆنەوە دەستپێبکەین، زمان لە ئاست وەسفی ئەو دوو دەستەیدا لاڵە، جیجی بەسەر هەموو بەربەستەکاندا زاڵە، هەمووان دان بە گەورەیی ئەودا دەنێن، فیفا ئەوی بەباشترین گۆڵپارێزی مێژوو داناوە.

تۆڕ و گۆڵ لە ئاست بوونی ئەودا زۆر بچووک بوون، کاریزما و کەسایەتییەکی هەبوو کە هیچ کەس ڕقی لێی نەدەبووەوە، تەنانەت ئەوانەیشی گۆڵێی دەکرد بەڕێزەوە ئاهەنگیان دەگێڕاو تا هەتایە شانازییان پێوەدەکرد، ئێمە باسی جیانلویجی ئادریانۆ بوفۆن دەکەین، باسی گرانگترین گۆڵپارێزی مێژووی تۆپی پێ دەکەین.

بە چاوە شینە مار ئاساکەیەوە، بەو دەستانەی کە بە جاڵجاڵۆکە ناسرابوو، لە کۆتاییدا و لەدوای تێپەڕینی 17 ساڵ، ئیدی کاتی ماڵئاواییە جیجی، هەنگاوی داهاتووش نادیارە.

جیجی سەرەتا لە تیپی ئەکادیمیای پارماوە دەستیپێکرد، لە هێڵی ناوەڕاست یاریدەکرد، دواتر بووە لە یارییەکدا بەناچاری بووە گۆڵپارێز، چونکە گۆڵپارێزەکەیان کارتی سووری وەرگرت و ئەوەی دیکەشیان پێکانی هەبوو، لەو کاتەدا ئەمەی لێدەرچوو.

بوفۆن لە خێزانێکی تەواو وەرزشیدا گەورە بووە، هەمووشیان بەدەست یاریی دەکەن، دایکی یاریزانی هەڵدانی قورسایی بوو، باوکی یاریزانی هەڵدانی ساپ بوو، گێدالینا و ڤیرۆنیکا جووتە خوشکەکەی جیجی هەردووکیان یاریزانی باڵەی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بوون، دانتی ماسۆکۆی مامی یاریزانی باسکە بووە، لۆرێنزۆی ئامۆزای باوکیشی گۆڵپارێزی ئینتەرمیلان و ئیتاڵیا بوو.

هەتا بڵێی یاریزانێکی بێ بەخت بووە، چونکە نازناوی چامپیۆنزلیگی بەرز نەکردەوە، تەنانەت لە 3 یاریی کۆتاییشدا دۆڕاوەو ڕشتنی فرمێسک بەشی بووە.

بوفۆن دەرچووی کۆلێژی یاسای زانکۆی پارمایە، وەک پیرلۆ خاوەنی کۆمپانیای دروستکردنی شەرابی تایبەت بە خۆشییەتی. ئێستا بوفۆن لە خاکی تۆرینۆدا وەستا، بەلای ئیتاڵییەکانەوە نیوەی چێژی تۆپی پێ تەواوبوو، بەڵام دڵە پیرەکەی هێشتا تەڕەو تۆپی دەوێت.

بوفۆن لە ژیانی وەرزشیی خۆیدا 876 یاری ئەنجامداوە 729 گۆڵیشی لێکراوە، 384 کلین شیتی هەیەو 23 نازناویشی بەدەستهێناوە، کە یەکێکیان مۆندیالی 2006 بوو.

## ئاندرێس ئینیێستا.. بیکاسۆی کامپ نو واز لە تابلۆکێشان دێنێت

ئەمە دوا وەرز بوو بۆ بیکاسۆ، وینەکێشەکە ئیدی واز لە دروستکردنی تابلۆ لەسەر لاکێشەی سەوز دەهێنێت و کامپنۆو جیدەهێڵێت. دەبێت بارسا لە دوای ئینیێستا چی بکات؟ دۆخی چۆن دەبێت لەدوای ئینیێستا، ئەمە لە کاتێکدا هێشتا شوێنگرەوەی چاقی لە یانەکەدا نەدۆزراوەتەوە؟.

بەدڵنیاییەوە ڕۆیشتنی ئینیێستا نەک تەنیا بۆ بارسا، بەڵکو بۆ تۆپی پێی ئیسپانیاو خۆشەویستانی تۆپ ڕووداوێکی ناخۆشەو لە جادووی ئەو یاریزانە دووردەکەونەوە.

ئاندرێس ئینیێستا لەم وەرزەشدا بەشداری لە 43 یاریدا کرد، 2 گۆڵ و 3 ئاسیستی هەیە، لە 22 یاریشدا بەشێوەی سەرەکی یارییپێکراوە لە لیگادا. ئینیێستا لە کاروانەکەیدا 799 یاریکردووە، 70 گۆڵیشی هەیە، 168 گۆڵی بۆ هاوڕێکانی دروستکردووە، 35 نازناویشی بەدەستهێناوە.

## یایا تۆرێ.. ئەو یاریزانەی یاساکانی تۆپی پێی هەڵخەڵەتاندووە

ئەسمەرە هونەرمەندەکەی هێڵی ناوەڕاستی کۆتدیڤوار، ئەو یاریزانەی یاساکانی تۆپی پێی هەڵخەڵەتاندووە، بەوەی کە خاوەنی لەشولارێکی پتەو و بەهێزی هەیەو یاریزانێکی تابڵێی بەجوڵە و نەرمە لە یاریکردندا، ئەو ناوەڕاستکار بوو، کەچی گۆڵکاریشە، لەدوای چەند ساڵێک لە جێهێشتنی کامپنۆو کەچی ئەو لە دوا لێدوانیدا ئاماژەی بەوەکردووە کە حەزدەکات جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ بارسیلۆنا و یارییان بۆ بکاتەوە.

یایا تۆرێی 34 ساڵان لە ساڵی 2007 تاوەکو 2010 یاری بۆ یانەی بارسیلۆنا کردووە، بەڵام دوای دەرکەوتنی ئاستی بەرزی سێرخیۆ بۆسکێتس، ئیدی تۆرێ بڕیاریدا بچێتە یانەیەکی دیکە و لەوێ تواناکانی خۆی تاقیبکاتەوە.

یایا تۆرێ لە 2010وە یاری بۆ مانسیتی دەکات، ئەم وەرزەش بەشداری 17 یاریکردووەو 2 ئاسیستی هەیە ئێستاش بێ یانەیە.

یایا لە کاروانی وەرزشیدا 654 یاریکردووە، 114 گۆڵی هەیە، 83 گۆڵی بۆ هاوڕێکابنی دروستکردووە، 18 نازناویشی بەدەستهێناوە.

## فێرناندۆ تۆرێس.. ئەو هێرشبەرەی تایبەتمەندبوو لە گۆڵکردن لە مەزنەکان

ئێل نینۆی هێرشبەری ئاتلێتیکۆ مەدرید دوای بەدەستهێنانی نازناوی یۆرۆپالیگ، بە فەرمی یانە سوور و سپییەکەی جێهێشت و ڕۆژی یەکشەممەی رابردوو لە کۆتا یاری ئەم وەرزەی یانەکەی بەرامبەر ئیبار لە یاریگەی واندامیترۆپۆلیتانۆ ماڵئاوایی لە هاندەرانی یانەکەی کرد.

نینۆ هێرشبەرێکی نموونەیی و بە ڕەوشتبوو، تایبەتمەندی گۆڵکردنی لە یانە مەزنەکان هەبوو، بەتایبەت ریال مەدرید و بارسیلۆنا. تۆرێس 11 وەرز یاری ئاتلێتیکۆ مەدرید کرد، بەڵام تەنیا لەو ماوەیە یەک نازناوی خولی پلە دووی ئیسپانی بەدەستهێنابوو لە ساڵی 2001 ـ 2002، ئەمساڵ بە ئاواتەکەی گەیشت و نازناوێکی لەگەڵدا بەدەستهێنان، تۆرێس خۆی دەڵێت ئەم نازناوە زۆر لە نازناوی چامپیۆنزلیگ بەلایەوە گرنگتر بووە کە لەگەڵ چێلسیدا بەدەستهێنابووە.

تۆرێس لە ژیانی وەرزشیدا لەگەڵ یانەو هەڵبژاردەکەیدا 784 یاریی ئەنجامداوە، 281 ئاسیستی هەیەو 10 نازناویشی بەدەستهێناوە.





## دڵی بەرگری

لۆکاس دینیی بەرگریکاری فەرەنسی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی، گاڵتە بە دیدی دیشامپی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی کەڵەشێرەکانی فەرەنسا دەکات، بەهۆی ئەوەی بانگهێشتی نەکردووە بۆ ڕیزەکانی هەڵبژاردەی فەرەنسای بەشدار لە مۆندیالی 2018. دینی لە ئینیستاگرامەکەیدا نووسیویەتی " دڵی بەرگری؟!"، وەک گاڵتەکردنێک بە دیشامپ کە لەبارەی هۆکاری دوورخستنەوەی دینەوە گوتبووی "دینی لەگەڵ بارسیلۆنا تەنیا لە 2 یارییدا 90 خولەک لە دڵی بەرگری بەشداریکردووە". گاڵتەکردنەکەی دینی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێشتا دیشامپ نازانێت کە ئەو وەک بەرگریکاری چەپ یاری دەکات نەک دڵی بەرگری".

### لە تەلەڤزیۆنی ئێران..

# قەدەخەیە بیبیانا لە شاشە دەربکەوێت



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی ئێران، بە ئەنقەست وێنەی یاریگە و جەماوەری یاری نێوان کۆلۆن و بایرن میونشنی نیشان دەدا، لە جیاتی پیشاندانی خانمە ناوبژیوانی یارییەکە، بیبیانا شتاینهاوس، کە یارییەکانی بۆندسلیگا بەڕێوە دەبات.

ئێران، بە هەموو جۆرێک قەدەخەی کردووە، ئافرەتان بچنە نێو یاریگەکانەوە "یارییەکە بۆ بەرێزانی سانسۆری ئێرانی هیلاککەر بوو"، ناتالی ئەمیری، پەیامنێری کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئەڵمانی ARD، لە واڵی تایبەتی خۆی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر وای نوسیبوو. ناتالی بەو تویتەی مەبەستی ئەو یارییەی تۆپی پێ بوو کە لە خولی ئەڵمانیا، کە لەنێوان کۆلۆن و بایرن میونشن بوو، لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا. خانمە ناوبژیوانی ئەڵمانی، بیبیانا شتاینهاوس (39 ساڵان)، یارییەکەی بەڕێوەبرد، کەچی کەناڵێکی ئێرانی، کە یارییەکەی پەخش دەکرد، بە ئەنقەست وێنەی یاریگە و جەماوەری نیشان دەدا، لەجیاتی ئەوەی وێنەی خانمە ناوبژیوانی یارییەکە شتاینهاوس نیشان بدات، وادیارە هەندێ بەرپرس لە ئێران، نایانەوێ جەماوەری تۆپی پێ لەو وڵاتە ببینن، خانمێک یارییەکی تۆپی پێ بەڕێوە دەبات. شتاینهاوس، بە یەکەم خانمە ناوبژیوان دادەنرێت، کە لە یەکێک لە خولە گەورەکانی ئەوروپا یاری بەڕێوەدەبات.

### لەبەرئەوەی دەمارگیرە..

# ڕۆناڵدۆ ڕێگە نادات دایکی بچێتە یاریگە

**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

دۆلۆریس ئەڤیرۆ، دایکی ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، دانی بەوەدا نا، ئەو لە یارییەکانی تۆپی پێ، کە کوڕەکەی بەشداریی تێدا دەکات، چ لەگەڵ ڕیال مەدرید یان هەڵبژاردەی پورتوگال، زۆر دەمارگیر دەبێت.

دایکی ڕۆناڵدۆ هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی ئەنجامدا و تێیدا، باسی کوڕەکەی کرد و کۆمێنتیشی لەسەر وادەی وازهێنانی هەبوو.

دۆلۆریس لە سەرەتای قسەکانیدا گوتی "ڕۆناڵدۆ هەست بە فشار دەکات، کاتێک ئەو لە یارییەکان ئامادە دەبێت لەسەر یاریگەدا". هەروەها دایکی ڕۆناڵدۆ ڕوونیشیکردەوە "کریستیانۆ دەزانێت هەستارییم لەوانەیە تووشی کێشەم بکات، کاتێک لە پەیژەکانەوە سەیری دەکەم یاری دەکات، ئەوەش تووشی فشاری دەکات". گوتیشی "جارێکیان لە یارییەکدا بوورامەوە، لەبەر ئەوە ڕۆناڵدۆ پێی باشترە لە ماڵەوە سەیری یارییەکان بکەم، چەندینجار پێیگوتووم "دایکە وا باشترە لە ماڵەوە بمێنیتەوە".




ڕێبوار محەممەد

# بەرگریکاران نازناوەکە دەدەنە ڕیال یان لیڤەرپووڵ؟



ڕاهێنەرەکان پلان دادەنێن، یاریزانەکان جێبەجێی دەکەن و ئەوەشی یەکلاییدەکاتەوە، بەرگریکەرەکانن. ئەمە پێناسەی منە بۆ یاری نێوان لیڤەرپووڵ و ڕیال مەدرید لە فاینالی چامپیۆنزلیگدا، یارییەک یان ڕیال دەکاتە خاوەنی 13 نازناوی ئەو پاڵەوانیتییە یان لیڤەرپووڵ دەکاتە خاوەنی شەشەم نازناو.

بۆچی بەرگریکەرەکان؟ بە کورتی و کورمانجی، چونکە ئەم یارییە بەرگریکەرەکان یەکلاییدەکەنەوە، بە مانایەکی دیکە، ئەوە بەرگریکەرەکانن ئاراستەی یارییەکە بەرەو سەرکەوتنی ئەم یان ئەو تیپیان دەبەن، ڕوونتر بڵێم چونکە بەرگریکەرانی هەردوو یانە سەرئێشەو خاڵی لاوازی هەردوو تیپن، بێگومان لە یاریشدا سەرکەوتن لە ڕێگەی قۆستنەوەی خاڵی لاوازی تیپی بەرامبەرەوە بەدەستدێت.

ئەگەرچی لە یارییەکەدا سیانەی مەترسیداری لیڤەرپووڵ سەلاح، فێرمینۆ و مانێ دەبینین، وەلێ ئەوە بەرگریکەرەکانی ڕیال مەدرید یەکلاییدەکەنەوە ئەو سیانەیە ئاستیان چۆن دەبێت! بێگومان لە ماوەی ڕابردوودا زیدان کاری لەسەر دۆزینەوەی شێوازی یاریکردنی سیانەکەی پێشەوەی لیڤەرپووڵ کردووە، ئەوەش باش دەزانێ کە باڵەکانی تیپەکەی لەو یارییەدا ئەگەر سەرکێشانە بچنە پێشەوە وەک ئەوەی لە یارییەکانی بایرن میونشندا کردیان، بێگومان گورزی گەورەیان بەردەکەوێت. هەر بۆیە ئەوە ڕامۆس، ڤاران، مارسیلۆ و کارفاخالن ئاراستەی یارییەکە دیاریدەکەن.

لیڤەرپووڵ هێرشدەبات و ئەوەش ئاشکرایە سەلاح و مانێ زۆر لە پشت بەگریکەرانی تیپی بەرامبەرەوە ئیش لەسەر وەرگرتنی تۆپی بەرزو نزمیش دەکەن، کەواتە ڕامۆس چۆن ڕێنوێنی هاوڕێکانی دەکات بۆ بەرگرتن لەم خاڵە؟. ڕاستیت دەوێ ئەوەی ئەمساڵ ڕیالی وێرانکردو تا ئێستا بەدەستبەتاڵ هێشتوویەتییەوە، هەڵەی بەرگریکەرەکانی بوو، نەخۆشییەک کە ساڵانێکی زۆرە ڕیال بەدەستییەوە دەناڵێنێت، لە یارییەکانی بایرن میونشنیشدا ئەو ڕاستییەمان بینی، بەڵام مەرج نییە ئەمجارەش ناڤاس وەک یارییەکەی بایرن لە ڕۆژی خۆیدا بێت. کەواتە چارەنووسەکە بەدەست بەرگریکەرەکانەوەیە.

لە لیڤەرپوولیش هەمان شت ڕاستە.

بەر لە هاتنی ڤان دایک، بەرگریی لیڤەرپوول شەقامێکی کراوەبوو بۆ تەراتێنی هێرشبەرانی یانەکانی دیکە، لەگەڵ هاتنی ئەودا ناوەڕاستی بەرگری گەشەی باشی کرد، بەڵام ئێستا کێشەیەکی گەورە لە باڵەکاندایە، بەتایبەت باڵی ڕاست کە ئارنۆڵدی کەم تەمەن و کەم ئەزموون ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت.

ئارنۆڵد گەرچی بانگهێشتی هەڵبژاردەی ئینگلتەراش کراوە بۆ مۆندیالی داهاتوو، بەڵام خاوەنی ئەو ئەزموونە نییە بە ئاسانی ڕێگە لە ڕۆناڵدۆ، ئیسکۆ یان بێنزیما بگرێت کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەتایبەت کە بێنزیما و ئیسکۆ زیاد لە بەرگریکەرێک بەخۆیانەوە سەرقاڵدەکەن و بۆشایی بۆ ڕۆناڵدۆ یان یاریزانانی دیکە دروستدەکەن لە ناو سندووق و دەرەوە سندووقدا.

لیڤەرپوول لەسەرەتاوە باش هێرشدەکات و تیپێکی تۆقێنەر دەردەکەوێت، بەڵام کاتێک ڕیتمی هێرشبەرەکانی دێتە خوارەوە، ئیدی ئەوان وەک پێویست هێرش نابەن و هاوکاریی هاوڕێ بەرگریکەرەکانیشیان ناکەن، ئەوکات ئیدی کێشەکە سەرهەڵدەدات و دەکەوینەوە بەردەمی ئەو ڕاستییەی بەرگریکەرەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕیتمی بەرەو خێراچوونی هێرشبەرەکانی ڕیال مەدریدا دەکەن.

بیرمان نەچێت بەرگریکەرانی هەردوو یانە لە تۆپی جێگیریشدا خراپن، ئەوەش ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لەوەی ئاراستەی نازناوەکە بەرەو کام شار بڕوات، ئاراستەکەش بێگومان بەرەو ئەو شارەیە کە لە چەند هەفتەی ڕابردوودا ڕاهێنەرەکەی باشترین کاریکردووە لەسەر شێوازی ڕاوەستانی بەرگریکەرانی تیپەکەی، هەروەها بەرگرتن لە هورووژم و خێرایی بەرامبەرەکەی.ڕاستە فینالی چامپیۆنزلیگ یاری کۆتاییەو زۆر وردەکاری دیکە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی تێدا دەگێڕن، بەتایبەت درەوشانەوەو ئامادەیی سەلاح ـ مانێ بەرامبەر ڕۆناڵدۆ ـ بێنزیما، بەڵام ئەوە یاری کۆتاییەو کاتێک بەرگریکەرێک هەڵەیەک دەکات و گۆڵێک دەبەخشێتە تیپی بەرامبەر، زەحمەتە هاوڕێکانی بە ئاسانی بۆیان قەرەبوو بکرێتەوە. ئەمە یەک یارییە و نابێ بە دوو، جامەکەش دەمێکە چاوەڕێی ئامێزێک دەکات نەک دوو.

## پێشبڕکێ





به کورتترین و جوانترین کۆمێنت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555

براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

بەڵێن بەشیر لە هەولێر

بە کۆمێنتی: ( خۆزگەو خەمی دۆڕانە، یا خەمباری پێکانە )




RÛDAW
www.rudaw.net
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ئاکار جەلیل

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە